Komala Party – Iranian Kurdistan
Switzerland Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سویس

## کورتە گوزاریشێک لە کۆبونەوەی
## کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
## لە وڵاتی سویس

لە سەر داخوازی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی یەکشەمە ١۶.٣.٢٠٠٨ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ هەر دووک کۆمیتەی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات لە شاری بیل کۆبونەوە.
سەرەتای کۆبونەوەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە شەهیدانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد،پاشان هەر کام لە نوێنەرانی حیزبەکان بەکورتی لە سەر بارودۆخی ئێستان کوردستان و ئێران و ناوچەکە دووان و پتەوتر کردنی پێوەندیەکانیان بە قازانجی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە قەڵەمدا، و هەردوک لا لە سەر ئەوە کۆک بوون کە لە بوواری دیپۆماسی و گۆرینەوەی زانیاری و هەوڵدان بۆ بەرفراوانتر کردنەوەی هاوکاری لە نێوان هێزە سیاسیەکانی دیموکرات و پێشکەوتنخوازی دیکەی کوردستان و ئێران و گەلانی بندەستی ئێران کاری زیاتر بکەن.
لەو کۆبونەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوەش کرایەوە کە لەیاد و بۆنە حیزبی و نەتەوەیەکاندا هەر دوو حیزب بەشداری گەرموگوڕتر بکەن.
لە لایەن نوێنەرانی کۆمیتەی کۆمەڵە وە بە گەرمی پیرۆزبای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی ١۴ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەندامان و دۆست و لایەنگرانی ئەو حیزبە کرا و ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ خواستن. لە لایەن کۆمەڵەوە میرزا موڕادی، خالید حسێنزادە، جەمال موڕادی وە لە لاین حیزبی دیموکراتەوە سالح موحەمەد پور، ڕەحیم رەحمانزادە، موحەمە غەفوری و زاهید شاعیری بە شدای کۆبونەوەکە بون. ئەو کۆبونەوەیە لە فەزایەکی دۆستانەدا لە کاتژمێر سێ و نیوی پاشنیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- کومیتەی سویس    حیزبی دیموکراتی کوردستان – کومیتەی سویس**
17.3.2008





Web: www.komala.org
Web: http://komala1348swiss.blogspot.com/
E-Mail: komala.suisse@yahoo.de
Tel: 0041 76 50 16 106